
# " نیوسیتی" و خەونەکانی خەڵکی بێ ئاو و ئلیکتریك لە کوردستان*



**سەلاحی گەرمیان/سیدنی**
germiyan@hotmail.com

لەم سەردەمەدا، بازرگانان و کۆمپانیاکان لەپێناو وەدەستهێنانی قازانجدا، هەموو سنورێک ئەبەزێنن تا ئەو ڕادەیەی زۆر جار سەرپێچی یاساش ئەکەن لە پێناو مەرامەکانیان و تا ئەگاتە ئەو جێیەی کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی سیاسی وڵاتەکانیان، ڕێکەوتننامە و پرۆژەی جۆراوجۆر مۆر ئەکەن لەگەڵ وڵاتان ولایەنە نەیارەکانی وڵاتەکانیان. نموونەی ئەوەش، سەرەڕای دوژمنایەتی سەرسەختی تورکیا بۆ گەلی کوردستان، بازرگان وکۆمپانیاکانی تورکیا چەندین پرۆژەی گەورە بەڕێوە ئەبن لە کوردستاندا و بەهەزاران کامیۆنی بارهەڵگر بەبەردەوامی ڕوو لە کوردستان ئەکەن. پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و گلۆبالیزم هۆی سەرەکییە بۆ گەیاندنی کاڵا و کەرەستە و بەرهەمی کۆمپانیا و کارگەکانی جیهان بۆ هەموو سوچێکی گۆی زەوی. ئێستا لە دواکەوتوترین وڵاتی دونیا و بە کوردستانیشەوە کە تا ئێستا و پاش پانزەساڵ لە دەرچونی لە ژێر چنگی ڕەشی ڕژێمی بەعسدا وپاش سێ ساڵیش لە نەمانی مەترسی گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە ڕوخاندی دامودەزگاکانی دکتاتوریی سەددام لە **2003/4/9** دەسەڵاتی هەدوو حیزبی سەرەکی کوردستان نەیاتوانییوە کێشەی ئاو و ئلیکتریک و سوتەمەنی چارەسەر بکەن کە سەرتاترین و گرنگترین پێویستیەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکن، کەپێموایە تەنیا لە ئەفگانستان و سۆماڵ ئەو کێشانە تا ڕادەیەک بونیان هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بازدان بەسەر کێشەی ئاو و ئلیکتریک و قەیرانی سوتەمەنی و لاوازی خزمەتگوزاری لە زۆربەی بوارە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان و تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی، ئەو جۆرە پرۆژە بازرگانیانە بە دەستکەوتێکی گرنگ ئەخاتە بەرچاو و پەیتاپەیتا ڕێکلام بلاو ئەکاتەوە بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر، وەک شاری خەونەکان و پرۆژەی بالاخانەی هاوچەرخ لە وێنەی "نازسیتی"و سوپرمارکێتی"نیوسیتی" کە ئامانجی سەرەکی لە وەدەستهێنانی قازانج بۆ چەند سەرمایەدارێک زیاتر هیچی تر نیە. ئاشکراشە هیچ سەرمایەدارێکیش ئەگەر بە پاڵپشتی و دەمچەورکردنی بەرپرسێک نەبێت هەرگیز کار ئاسانی بۆ ناکرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی سەرمایەگوزاری لە کوردستاندا.

کە باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو و ئلیکتریک و سوتەمەنی و خزمەتگوزاری ئەکرێت، کاربەدەستەانی حکومەتی هەرێم هەزار و یەک بەڵگەو بیانو ئەدەن بەدەستەوە کە گوایە ئەو کێشانە پەیوەستە بە باری ناوخۆی عێراق و پلانی وڵاتانی دەوروبەر کە خۆشییان بە ئارامی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان نایات و تەگەرە و ئاستەنگ دروست ئەکەن وڕێگا ئەگرن لە پێشکەوتنی خەڵکی کوردستان. بەهەمان شێوەش چاوپۆشی لە گەندەڵی و گەندەڵکاران ئەکەن وهیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نانرێت بۆ بنبڕ کردنی دیاردەی گەندەڵی. کەچی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە مەراسیمێکی کەم وێنەدا گرنگی ئەدات بە کردنەوەی سوپرمارکێتی "نیوسیتی" لە شاری هەولێر و لە سونگی بایەخدان بە کەرتی تایبەتەوە کە بە داینەمۆی ئابوری کوردستانی دائەنێت

وەک دەسکەوتێکی ئیجگار گرنگی لەقەڵەم ئەدا بۆ خەڵکی کوردستان و ئەو جۆرە پرۆژانە بە ڕێگایەکی گرنگ ئەزانێت بۆ دابینکردنی کار بۆ بێکاران. بەڵام جەنابی سەرۆک وزیران سێیەکی ئەو بایەخدانە ڕەوا نابینیت بە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک و دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بێجگە لە کێشە و قەیرانی ئاو و ئلیکتریک و سوتەمەنی، ئەکرێت بپرسین ئایا چ هەنگاوێکی بەرچاو نراوە بۆ بنیادنانی ژێرخانی ئابوری و لەسەروی هەموویانەوە یارمەتیدانی گوندنشینەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان و دابینکردنی پیداویستی تەندروستی و پەروەردە و قیرتاوکردنی ڕێگاوبان بۆیان؟ بەتایبەتیش ئەو هەزاران گوندەی کە بەر شاڵاوی بەدناوی ئەنفال کەوتبوون.

پاش پانزە ساڵ دەسەڵات بەڕێوەبردن تا ئیستا چەند کارگە لە کوردستان کاڵا بەبەرهەم دێنێت و کاری دابینکردوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک؟ ئایا وەڵامی ئەو پرسیارە سەبارەت بە هۆی پەرەسەندنی دیاردەی کۆچکردنی بەکۆمەڵی لاوانی کوردستان بەرەو هەندەران لەلایەن بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەدرێتەوە؟ دیاردەی خۆپیشاندن و پرۆتیستکردن و دەربڕینی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوان و قوتابیان و دەست  لەکارهەڵگرتنی بەردەوامی کرێکاران وفەرمانبەرانی دامودەزگاکانی کوردستان ڕاستیەکی تری باری ناهەمواری خەڵکی کوردستانە. ئەوانە و سەرەڕای زاڵبوونی دیاردەی حیزبایتی تا ئەگاتە ئەوەی لە ناوەندە زانستیەکانیشدا بەزەقی دەرکەوتوە و بێجگە لە ڕێگا نەدان بە لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا، خەڵکی کوردستانی بەرەو نا ئومێدیەک و ڕەشبینییەکی ترسناک بە پاشەڕۆژ بردووە. پێویستە بەرپرسان ئەو ڕاستیە بزانن کە خەڵکی کوردستان خەون بە "شاری خەونەکان و نازسیتی و نیوسیتی" ەوە نابینن کە تەنیا بۆ  بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی چەند کەسێکی خواپێداو و گەندەڵ و نزیک بە دەسەڵاتەوەن بەڵکو خەونەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان زۆر سادە و ساکارن، خەونی ئەوان بە دابینکردنی بنەمکانی بژێوی ژیان و ئاسودەی و ئارامی و تەندروستی و پاشەڕۆژێکی گەش بۆ خێزانەکانییان و ژیانێکی ئاسایی دور لە دڵەڕواکی و شپرزەیی و ناعەدالەتییە.

**2006/10/14**

---

*لە هەفتەنامەی (هاولاتی) ی ژمارە 296 ڕۆژی 2006/10/18 بلاّوکراوەتەوە.